18-09-2020

# مەتەڵی کازمی لە کوردستان کازمی دەبێتە ئەکتەرێکی سیاسەتی کوردی؟

18-09-2020

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، مستەفا کازمی لە کوردستان لیستی دەبێت؟ ئەم پرسیارە لە دوای سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر دووبارە دەکرێتەوە. ئەمە وەکوو مەتەڵی نێو مەتەڵیش وایە. چوونکە هەڵبژاردن دەکرێ، ناکرێ یان پاش دەخرێت

**بەرایی**

ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، مستەفا کازمی لە کوردستان لیستی دەبێت؟ ئەم پرسیارە لە دوای سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر دووبارە دەکرێتەوە. ئەمە وەکوو مەتەڵی نێو مەتەڵیش وایە. چوونکە هەڵبژاردن دەکرێ، ناکرێ یان پاش دەخرێت، جارێ ئەمە بۆخۆی مەتەڵێکە. هەڵوێستەکەی ئەمدواییەی"ئایەتوڵڵا" سیستانی، ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەختەی زیاتر کردووە بەڵام، تەنانەت هەندێك لە کاربەدەستانی حکومەتیش، هێشتا دوودڵن لەوەی کە چۆنچۆنی بکرێت! حکومەت پارەی پێویستی بۆ هەڵبژاردنەکە لەلایەك هەڵگرتووە، بەڵام درك بە بەربەستە سیاسی، ئیداری و یاساییەکانیش دەکات. بەس وادیارە دوای وتەکانی مەرجەعی باڵای شیعی، دەبێ هەر چارەسەرێك بۆ ئەو بەربەستانە بدۆزرێنەوە. مەتەڵی ناو مەتەڵی هەلبژاردنەکەش، لیستی گریمانەیی مستەفا کازمییە! ئەگەر وایدانێین  لیستی دەبێت کە لانیکەم زانیارییەکان تا ئێستا بەو ئاراستەیەن، پرسیاری ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئەو لیستە، چ کاریگەرییەك لەسەر نەخشەی سیاسی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان دادەنێت؟

**دیوی دووەمی باسەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت**

لەرواڵەتدا لایەنە سیاسیەکان دژی هەڵبژاردن نین کە خواستێکی خۆپیشاندەران بوو. هەڵبەت شاراوە نییە کە زۆربەی لیستە گەورەکان و بەدیاریکراوی ئەوانەش کە بە نزیك لە ئێران هەژماردەکرێن، بۆ هەڵبژاردن گەرموگوڕ نین. تەنانەت بەرلەوەی کازمی بێت و وادەی هەڵبژاردن دیاریبکات، قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی عەسائیبی ئەهلی هەق، هەڵبژاردنی پێشوەختی بە فرتوفێڵێکی ئەمریکی ناوبردبوو.[1]ڕێژەی کەمیی بەشداری لە هەڵبژاردنی رابردوو کە لە هەندێك لە پارێزگاکانی باشووردا لە هەندێك شوێن هەتا 19%یش بڕی نەکردبوو، لەگەڵ دەرکەوتنی ناڕازی و خۆپیشاندەران و مەرجەعییەت وەك ئەکتەرێکی نێوخۆیی جیاواز، بوونەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەحزابی سیاسی بۆ هەڵبژاردن بێ مەیل بن. خاوەخاوکردن لەسەر لابردنی ئاستەنگ و ناڕوونییەکانی یاسای هەڵبژاردن و لابردنی ئەو ئاستەنگانەی کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ئاماژەی پێکردوون، نیشانەیەکی دیاری ئەوەیە.

لە سەردانەکەی مستەفا کازمیدا بۆ تاران(21/7/2020)، بەرپرسانی ئێرانی زیاتر جەختیان لە گرنگی پێوەندی میژوویی و ئابووری نێوان هەردوولا کردۆتەوە و بابەتی هەڵبژاردن لە هیچ بەیاننامەیەکی رەسمیی دیدارەکانی کازمیدا بۆ تاران رەنگی نەداوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دانووستاندنەکانی دیالۆگی ستراتیژی عێراق ـ ئەمریکا، بابەتی هەڵبژاردن بایەخی پێدراوە و مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا پشتیوانی لە هەڵبژاردنی پێشوەخت کردووە.[2]

بەشێوەیەکەی گشتی دەتوانین باس لە هەبوونی دووبەرەی سەرەکی نێوخۆیی- دەرەکی بکەین لەبارەی هەڵبژاردن. وادیارە سێکوچکەی سیستانی- نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا پاڵپشتی گەورەی بڕیارەکەی کازمین بۆ هەڵبژاردن کە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران دابووی. هەندێك لە هێزەکانیش بە رواڵەت پشتیوانیی لەمە دەکەن. لەوانەیە ئێران وهێزەکانی نزیك لەویش، وەك فەتح و دەوڵەتی یاسا بە دیاریکراوی، زیاتر خوازیاری مانەوەی وەزعی ئێستا بن.

راستییەکەی دۆخی خراپی ئابووری، ئاڵۆزی سیاسی و ناڕەزایی جەماوەری، لە هەمووشی گرنگتر لاوازیی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر گرووپە چەکدارەکان و باری ئەمنی، وایانکردووە کە حکومەت بەکردەوە شتێکی ئەوتۆی پێنەکرێت و دەستوباڵی بەستراو بێت. ئا لێرەوەیە کە ئیدی هەڵبژاردن وەك زەرورەتێك دەردەکەوێت. بۆ نموونە تەنها لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگی رابردوودا، 24جار تەقینەوەو هێرشی موشەکی کراوە کە زۆربەیان لە بەغدای پایەتەخت بوون.[3] ئەوانەش زیاتر بۆ دەرووبەری فڕۆکەخانەی بەغدا و ناوچەی سەوز و کاروانی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا بوون. حکومەت یان ناتوانێ بکەرانی ئەو رووداوانە بدۆزێتەوە یان زۆری بەسەریاندا ناشکێ. وەك نموونەی ئەو ئەندامانەی حزبوڵڵا کە دواجار ناچاربوو بەریان بدات.

**مەتەڵی لیستی سەرۆکوەزیران**

هێشتا روون نییە کە مستەفا کازمی لیستێك درووستدەکات یان پشتیوانیی لێستیك دەکات بۆ هەڵبژاردن، بەڵام حکومەتەکەی کار

لەسەر پلانی چەندساڵەی بودجە دەکات و ئەمەش دەریدەخات کە حەزی لێیە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. هەرچەندە کە پێشتریش گووتوویەتی لە هەڵبژادرنی داهاتوودا، بەپێی توانا پشتیوانی لە "هێزێکی نیشتمانی" دەکات.[4]

هەڵبەت ئەم بابەتە تەنیا گرێداوی خواستە شەخسییەکانی مستەفا کازمی نییە. بەڵکوو بێجگە لەوە، دوو رەهەندی گرنگی دیکەیشی هەن: یەکیان رکابەرییەکی ئێران و ئەمریکایە لەسەر ئەندازەی هێزداریی مستەفا کازمی یان هەر کەسێکی دیکەی سەربەخۆ کە ببێتە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو. ئەوی دیکەشیان یەکگرتنەوەی خواستی مانەوەی ژمارەیەك لە بەرپرسانە لە پەنای کازمی!

ئەگەری دەرکەوتنی سەرۆکوزیرێکی بەهێز و خاوەن لیست لەهەناوی هەڵبژاردنی داهاتوو، یان ئەگەری گۆڕینی نەخشەی سیاسی، بە شێوەیەکی راستەوانە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاوە هەیە لە عێراق. سەرۆکوەزیرێکی بێدەسەڵات ناتوانێت بابەتە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە و هەڵوێستی عێراق لە ململانێی ئێران و ئەمریکا، بابەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دۆخی حەشدی شەعبی و تاوانکارییە رێکخراوەکان کۆنترۆڵ بکات. وادیارە ئەمریکییەکان لەوە تێدەگەن کە کازمی یان هەر سەرۆکوەزیرانێکی دیکە ناتوانێت بە تەواوی رەچاوی خواستی هێزەکانی نزیك لەئێران لە وڵاتەکەی نەکات. بۆیە لەوانەیە زیاتر بەدوای ئەوەوە بن کە لانیکەم هاوسەنگییەك درووست بێت و سەرۆکوەزیر ئەوەندە لاواز نەبێت کە هەموو مەرجێك قبوڵ بکات. پێدەچێت بژاردەی سەرەکیی ئێران و هاپەیمانەکانیشی یان سەرۆکوەزیرێکی وابەستەی خۆیان یان سەرۆکوەزیریکی لاواز بێت. لەوانەیە هەر ئەوەش هۆکارێکی پێداگری بەشێك لەو هێزانە بۆ مانەوەی عادل عەبدولمەهدی بووبێت! رکابەرییەکە لەسەر ئەوەیە کە کازمی یان هەر سەرۆکوەزیرێکی دیکەی داهاتوو چەندە هێزی هەبێت. ئایا ئەوەندە بەهێزبێت کە لانیکەم بتوانێت جارجار لە قسەی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییە کاریگەرەکان دەرچێت، یان هەروا بێ پەڕ و باڵ بێت و بە لاوازی بمێنێتەوە؟

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەڵبژاردنی پێشوەخت پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆککۆماریش دەخاتەوە بەر تەفواقێکی دیکەی لایەنە سیاسییەکانی داهاتوو. کێشەکانی نێوان محەمەد حەلبووسی و خەمیس خەنجەر لەلایەك و پێگەی نوجەیفی لەلایەکی دیکە، ئەو پرسیارەی درووستکردووە کە ئایا حەلبووسی جارێکی دیکە ئەو پۆستە وەردەگرێتەوە؟ بەهۆی دۆخی نێوخۆیی سیاسەتی کوردی، ئەم پرسیارە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریش لە جێی خۆیدا. ئەم بابەتەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر باسەکانی تایبەت بە لیستە گریمانەییەکەی سەرۆکوەزیران دانێت. هاولیستی لە گەڵ کازمی یان وەرگرتنی پشتیوانی ئەو، دەتوانێت کارتێکی گوشاری بەهێز بێت لە سیاسەتی نێوخۆیی کورد و سوننە سەبارەت بە پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار لە دوای هەڵبژاردن.

**کازمی و دەنگدەری کوردستان**

ئەگەر لە فەیسبووکدا بە کوردی بەدوای ناوی مستەفا کازمی بگەڕێی چەند پەیجێکی وەکوو لایەنگرانی کازمی بەرچاو دەکەون. هەڵبەت ئەمە بە تەنیا پێوەر نییە بۆ ئەوەی کە لەوانەیە کازمی بەتەمای ئەوەبێت دەنگی ئەحزابی کوردی بۆ خۆی بچنێتەوە.

هەبوونی رێژەیەکی زۆری دەنگدەرانی گەنج و نوێ هۆکارن بۆ ئەوەی کە بەستێنی دەرکەوتنی هێزی سیاسی نوێ لە هەرێمی کوردستان بەهێز بێت. لە ماوەی زیاترلە یەك دەیەی رابردوودا، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی ناڕازی کەناڵیزەی ئەحزابی کوردی نوێ بوون. ساڵی 2009 بزووتنەوەی گۆڕان بووە سەرتۆپی ئۆپۆزیسیۆن و لە ساڵی 2017شەوە نەوەی نوێ بە کەڵکوەرگرتن لەو زەمینەیە، بە بەهێزی دەرکەوت\. هەرچەند کە دواتر بەرێوەبردنەکەی کێشەی تێکەوت. رەفتاری دەنگدەری ناڕازیی کورد لە رابردوودا زیاتر گەڕان بووە بە دوای بەدیلێکی دیکەی کوردی. هەر ئەمە وایکرد لە ساڵی 2018دا، تەنانەت ئەو کاتەی کە گڵۆڵەی هەرێمی کوردستان کەوتبووە لێژی و گوشارێکی زۆری سیاسی، ئابووری و تەنانەت سەربازیشی لەسەر بوو، هێزە عێراقییەکانی وەك نەسر و رەوتی حیکمە کە چاویان لە دەنگەکانی کورد بڕیبوو، دەنگێکی ئەوتۆ نەبن. لە کۆی 688684دەنگ لە پارێزگای سلێمانی رەوتی حیکمە937دەنگ و لیستی نەسری حەیدەر عەبادی293دەنگی برد.[5] لیستی نەسر لە642437دەنگی پارێزگای هەولێر 598 دەنگی برد.[6]

واچاوەڕواندەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ژمارەیەکی بەرچاوی دەنگدەری ناڕازی لە هەرێمی کوردستان هەبن. هەرچەند ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە بەڵام، لەرێی بەراوردکردنی رێژەی بەشدارییەکان لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وپەرلەمانی عێراق دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لانیکەم رێژەیەکی 50%ی بەشداری لە هەڵبژاردن نەکردووە و بەشێکی بەرچاوی ئەمەش لەبەر ناڕەزاییە. سەرچاوەکانی کۆمیسیۆن وای بۆدەچن کە نزیکەی 300000 دەنگدەری نوێش هەبن. ئەمەش حەوزێکی گرنگی مرۆییە بۆ ئەوەی کە ئەحزابی سیاسی مانۆڕی لەسەر بدەن.

لەوانەیە رەفتاری دەنگدەری کورد بە تایبەتی ئەوانەی کە مووچەخۆرن هەندیك گۆڕانی تێدا درووست ببێت و گوتاری گواستنەوەی مووچە بۆ بەغدا وەك گواستنەوەی دەنگ لە ئەحزابی کوردی بۆ حزبێکی عێراق تەرجەمە بێتەوە. بەڵام ئەمە لە ئاستێکدا نییە کە وەرچەخانێکی ریشەیی درووستبکات. بێجگە لەوەش، ئەگەری رێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە دەتوانێ ئەوە کەمڕەنگ

بکاتەوە. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە شوێنی گوتاری ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان تەواو واڵا نییە هەتا لایەنێکی دیکە پڕی بکاتەوە. ئیسلامییەکان، نەوەی نوێ و لیستێکی گریمانەیی نوێ لە هەناوی ئەندامانی پێشووی گۆڕان کاندیدی بەهێزترن بۆ بردنی دەنگە ناڕازییەکانی هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە، مستەفا کازمی بۆ ئەوەی کە بیێتەوە بە سەرۆکوەزیران، هەر پێویستی بە دەنگی پارتی و یەکێتی و ئەحزابی دیکە دەبێت. بۆ ئەوەش کە بتوانێ دەنگێکی زۆری کورد بباتەوە، دەبێ رووبەڕووی گوتاری سیاسی باو لە کوردستان بوەستێت. ئەمەش وەکوو قومارێك وایە بۆ ئەگەری مانەوەی لە دەسەڵات کە پێناچێت بە تەمای ئەوە بێت. هەرچەند کە لەوانەیە بەهێزکردنی لیستێك کە رەنگبێ لە داهاتوودا ببێتە هاوپەیمانی وەك بژارەیەك ناونجی دەرکەوێتە پێش. کازمی لە سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان 10 راگەێینراوی رەسمی لەسەر دیدارە جیاوازەکانی بڵاوکردۆتەوە و لەو 1100 وشەیەی کە بۆ باسکردنی دیدارو کۆبوونەوەکانی بەکاری هێناوە، ئاماژەیەکی وا بەرچاو ناکەوێت کە بە تەمای بەربەرەکانێی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بێت. لەو 1100 وشەیەدا، 26 جار وشەی عێراق و دەستەواژەی هاوشێوەی بەکارهێناوە. هەرچەند تەنیا دووجارعێراقی نوێ و عێراقی دیموکراتی بەکاربردووە، بەڵام چەندجارێك باسی لە کاری هاوبەش و یەکخستنی هەڵوێست و هاوکاری کردووە کە دەلالەت لەوە دەکات زیاتر دەیەوێ بەچاوی هاوپەیمانێکی نێوخۆیی تەماشای هێزەکانی هەرێمی کوردستان بکات نەك رکابەر. تا ئێستا دیمەنەکە وایە هەرچەند کە گۆڕیاری زۆرهەن کە دەتوانن بیگۆڕن!

- [1]
https://www.aljazeera.net/news/politics/2019/12/19/%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B2%D8%B9%D9%84%D9%8A-%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D8%A3%D9%87%D9%84%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA

[2] _ https://iq.usembassy.gov/ar/secretary-pompeos-meets-with-iraqi-foreign-minister-hussein-ar/

[3] -ماوەی نێوان 16-6-2020 هەتاوەکوو 16-9-2020مان بە نموونە وەرگرتووە.

[4] -https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/2708202017

[5] -https://web.archive.org/web/20180524151128/http://iheciraq.net/2018/sulaymani.pdf

[6] -https://web.archive.org/web/20180523095315/http://iheciraq.net/2018/erbil.pdf